کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 16:51 21-6-2007

## حزبە ئیسلامییە میانڕەوەکان لە نێوان بەرەی تیرۆر ودژە تیرۆردا ... شوان رەشید

shwanrashed@gmail. com

ئەگەرچی تیرۆر لە مێژووی عیراقدا پێشینەیەکی هەیە، بەڵام دەرکەوتن وچالاکبوون وبڵاوبوونەوەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای رووداوەکانی سێپتەمبەری ئەمریکا وهاتنەناوەوەی هێزەکانی ئەو وڵاتە وهاوپەیمانەکانی بۆ عیراق.

رەنگە یەکێك لە هۆکارە هەرە بەهێزەکانیش کرانەوەی سنوورەکان ونەمانی رژێم و دەسەڵاتێکی خۆماڵی عیراقی بووبێت، بەچەشنێك رێگای لەبەردەم هێز ولایەنە دەرەکییەکان ئاوەڵاکرد بۆ هاتنە ناوەوە لەلایەك ولەلایەکی دیکەشەوە دەرفەتی رێکخراوبوون وئینتماکردنی بۆ هەموو کەسێك رەخساند، بەوانەشەوە کە گۆڕانەکانی عیراق لە بەرژەوەندییاندا نەبوو. ئەمەش دواتر دروستبوون وسەرهەڵدانی چەندین رێکخراو وبزوتنەوەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە، لەگەڵێشیاندا بزووتنەوەو رێکخستنە تیرۆرییەکان.

هەموو ئەمانەش لەژێر ناوێکی جیاواز وسەقفێکی ئایینی نزیك بەیەکترەوە کەوتنە کۆکردنەوەی پشتگیری وئەندامی زیاتر بۆ خۆیان. رەنگە باشترین سەقفیش بۆ ئەم مەبەستە وبەتایبەتی بۆ رێکخستنە تیرۆرییەکان لە دیدی خۆیاندا، سەقفێکی ئایینی ومەزهەبی ودژایەتیکردنی هاتنی ئەمریکا بووبێت. ئەمە نەك تەنها بۆ ئەوەی ببێت بە هێزێکی راکێشەر وژمارەی ئەندامان ولایەنگرانی خۆیانی پێ زیاد بکەن. بەڵکو بۆ ئەوەش بووە تا بیکەن بەبیانوێك بۆ هەبوون ومانەوەی خۆیان وشەرعیەتێکیش بۆ کردەوە تیرۆریستییەکانیان.

ئەم سێگۆشەی (ئایین پەروەری، مەزهەبگەری، وڵات پارێزی) نەك تەنها ژمارەیەکی باشی ئەندام وهەواداری لەدەوری ئەم رێکخراوەتوندرۆیانە کۆکردەوە، بەڵکو ژمارەیەك حزب ورێکخراوی تریشی خستەسەر هاوسۆزی وهاوهەڵوێستی لەگەڵ ئەواندا. بەتایبەتییش لە سەرەتای تیژبوون وبڵاوبوونەوەی ئەو رێکخراوەتیرۆریستییانە وچالاکییە وێرانکەرەکانیان. رەنگە ئەمەش یەکێك بێت لەو هۆکارانەی وادەکات ناوبەناو هێزەکانی ئەمریکا لەعیراقدا پاشقوڵ لەهەندی حزب ورێکخراوی عیراقی بگرن وهەڵبکوونە سەر بارەگاکانیان وئەندام وبەرپرسەکانیان دەسگیر بکەن وبیانخەنە ژێر پرسیارەوە. دیارە ئەم هاو سەنگەرییەی نێوان رێکخراوەتیرۆرییەکان وهەندی حزب ورێکخراوی تری عیراقی لە یەك ئاست و لە سەر یەك ئاراستە خۆی نەدۆزیوەتەوە. بەڵکو دەکری زیاتر لە ئاراستەیەك وئاستێکی بۆ دەستنیشان بکەین. بۆ نموونە، لەسی تا شەش مانگی یەکەمی هاتنی ئەمریکا بۆ ناو عیراق ئەم هاوپشتی وهاوسۆزیە روونتروئاشکراتر هەستی پێدەکرا، ئەمەش دوای ئەوەی هێزە چەکدارە توندرۆکان ئەو دروشمانەیان هەڵگرتبوو کە زۆرترین سۆزی عیراقیەکانی رادەکێشا وهەروەکو تاکە هێزی بەرگریکاری عیراقی دژ بەئەمریکاش خۆیان پێناسە دەکرد. بۆیە دروشمە نەتەوەیی وئایینی ونیشتیمانیەکان بوون بەدروشمی زۆر لەو هێزانەی بڕوای تەواویان بەتوندوتیژی هەبوو. بەڵام دوای ئەم قۆناغە ولەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی دامەزراندنی یەکەم حکومەتی کاتی عیراقی ودواتریش هەڵبژارنەکانی گشتی، لەژێر فشاری ئەمریکا ولە پێناو بەرژەوەندییە سیاسیە حزبیەکانی خۆیاندا، ئەم پەیوەندی وهاوسۆزییە چووە قۆناغێکی تر وهێزەکانی عیراقی دابەشکردە سەر دوو بەرەی پێچەوانەی یەکتر، بەرەی تیرۆر وبەرەی دژەتیرۆر. بۆیە وەك چاوەڕوانکراو، هەندی لەو حزب ولایەنە عیراقییانە هەرهیچ نەبێت، بۆ راگرتنی دڵی ئەمریکا وخۆپاراستن لە گورزەکانی ولە پێناو گرتنی شوێنپێی سیاسیانەی خۆیان لە نەخشەی حوکمی داهاتووی عیراقدا، پاڵپشتی خۆیان بۆ بەرەی دژە تیرۆر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕاگەیاند، ئەگەر ئەم پاڵپشتییە تەنها لەرێگای قسەی زارەکی ولە نێو کۆبوونەوەی حزبەکان لەگەڵ یەکتریدا بووبێت یان لەگەڵ ئەمریکییەکاندا، یانیش لە ڕێگای بەژداری کردنییان بووبێت لە پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا، ودواتر وەرگرتنی پۆستی جیا جیا لەحکومەتە هەڵبژێردراوەکان وخۆگونجاندنیان لەگەڵ پێشهاتەسیاسییەکاندا. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، مانای ئەوە نییە ئیدی ئەو هێزانە سەد لە سەدهێزی دژەتیرۆربن. بەماناییێکیدی، هەموو ئەمانە ناتوانن دڵنیامان بکەنەوە لەوەی بەرەی تیرۆر دۆست وهاوسۆزیی لەنێو بەرەی دژە تیرۆردا نەبێت وپەیوەندی لەگەڵ هیچ لایەنێکی نێو ئەم بەرەیەدا دروست نەکردبێت. هاوکات پێم وانییە هەموو ئەو هێزانەی ئەمڕۆ لەگۆڕەپانی سیاسی عێراقدا چالاکی سیاسیانەی ناسەربازی خۆیان دەنوێنن هێزی میانڕەو ودژە تیرۆربن.

مەترسی هەرەگەورەش لەسەر ئاسایش وژیانی هەمووومان ئەوکاتە دەست پێدەکات کە هێزێکی باوەڕهاتوو بەتیرۆر وتوندوتیژی، یان دۆست ولایەنگری هێزەتیرۆریستەکان، یان هەر خودی هێزەکانی تیرۆر لەژێر ناو وبەرنامەی ترەوە بگەنە جومگەکانی حوکم ودەسەڵات. هەڵبەت لەم ڕۆژگارەدا هیچ کام لەمانە وەك هێزێکی ڕادیکاڵ ولەرێگای هێزی چەکەوە ناگەن بەو پایانەی دەسەڵات، بەڵکو لەرێگای سیاسەتێکی دیماگۆجی وفێڵکردن لەخەڵك ولایەنە سیاسیەکانی تر ولەژێر ناو وپڕوپاگەندەی عەجاییبەوە دەگەن، ئەوکاتەی لەرێگای دەنگی جەماوەرە هەڵخەڵەتاوەکانییانەوە لەهەڵبژاردنەکاندا دەتوانن سەربکەون. بەڵام هەر هێزێکی سیاسی، ئەگەر خوێنی توندەڕەویی وتاکرەهەندی ویەك دەنگی ویەك ڕەنگی بەناو دەمارەکانیا هاتوو چۆ بکات، قەت ناتوانێت بەردەوام هێزێکی میانڕەو وئارام وکراوەبێت لەکاری سیاسیدا. بانگەشەی هەرچی وهەرشتێك بکات، ناتوانێت تاسەر شوناسی خۆی بەدەمامکدراوی بهێڵێتەوە. ئەوەی ئەم دەمامکانەش هەڵدەداتەوە یان بێباوەڕ بوونبانە لەوەی ببنە خاوەن جەماوەر یانیش بەپێچەوانەوە ئەوەندەی پێویستیانە جەماوەر لایەنگیریان لێدەکات، ئەمە سەرەڕای جموجۆڵە نەستیەکانیان کە غافڵانە دەیکەن وبێئەوەی پێی بزانن ناسنامەکانیان دەخوێننەوە.

ئەم حاڵەتە وئەم گەمەکردنە لەسەر دووپەتی دژبەیەکتر، تەنها حزبەدینی ومەزهەبییەکانی عەرەبی نەگرتۆتەوە، بەڵکو ئەمە ئەو حزبە ئیسلامیە بەناو ئارام ومیانڕەوەی کوردستانیشی گرتۆتەوە. ئەو حزبەی بەردەوام بانگەشەی سیاسەتی میانڕەوانە وئاشتییانە وپێکەوەژیان وئیسلاح دەکات، ئەو حزبەی لەهەموو بۆنەکاندا بانگەشە بۆ دیموکراتییەت ولیبوردەیی وفرەحزبی ومافەکانی مرۆڤ وکۆمەڵگای مەدەنی دەکات. ئەگەر لەسەر قسەکانی ڕابردوو تێبینی بکەین ئەوا یەکگرتووی ئیسلامی بەژداری لە هەڵبژاردنەکاندا دەکات، پۆستی سیاسی وئیداری وەردەگرێت، هاوبەشی پەرلەمان وحکومەت دەکات، بەڵام تاوەکو گیران وئاشکرابوونی تۆڕەتیرۆریستیەکەی (زانا) ولێدانی مامۆستا (مەلا ئەنوەر) یش لەسەر مینبەری مزگەوت ولەرۆژی هەینیدا یەکگرتوی ئیسلامی هەرگیز ئامادە نەبووە کەسێك ناوبنێت تیرۆریست کە لەناو ئاپۆرای خەڵکێکی بێگوناهدا خۆی دەتەقێنێتەوە ودەیان بریندار وکوژراو دوای خۆی جێدەهێڵێت. تا ئەو کاتیش ئەوان قەت نەیانتوانیوە بەو هێزە بڵێن تیرۆریست کە ڕۆژانە فرمانی ئامادەکردن وناردنی دەیان ئۆتۆمبێلی مینرێژکراو بۆ تەقینەوە لە عێراقدا دەردەکەن، ڕەنگە تا ئێستاش بن لادن وبزووتنەوە تیرۆریستییەکەی لە دیدی یەکگرتووەوە خەریکی جیهادبن لە دژی کوفر، هێزێك کەمرۆڤ وئۆتۆمبێل وعارەبانە وئاژەڵ وماتۆڕسکل وپاسکل وبۆڕی نەوت و وێستگەی کارەبا وتۆڕەکانی ئاو دەتەقێنێتەوە لە ڕاگەیاندنەکانی یەکگرتووی ئیسلامیدا، نەهێزێکی تیرۆریست بوون ونەهێزێکی تێکدەر. بەڵکو لای ئەوان چەکداری یاخیین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ڕەنگە گومانتان لەم ڕاستییە هەبێت، بۆ ڕونکردنەوەی ئەمەش دەتوانن بگەڕێنەوە سەر ئەرشیفی هەواڵەکان لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەتایبەتیش تەلەفزیۆنی هەولێر، ئەوکاتە دەزانن یەکگرتوو نەك هەر ئامادەنەبووە ئەو هەموو ژمارە زۆرەی تەقینەوە وبۆمبارانکردن وکوشتن و ڕفاندنانەی عراق ناوبنێت تیرۆر، بەڵکو هاتووە کاری لەسەر پەرەگراف بە پەرەگرافی هەموو ئەو هەواڵانەش کردوە کە لەسەرچاوەی ترەوە وەریگرتوون ولە هەرکوێدا ووشەی تیرۆر وتیرۆریستی هەبووبێت، لایان داوە ولە بریدا (چەکدارانی یاخی) و (نەناسراو) بەکاربراوە. بەوەندەش نەوەستاون، بەڵکو دەستکاری لێدوانەکانی وەزارەتی ناوەخۆ، ووتەبێژە ڕەسمییەکانی حکومەتی عراقی وکەسایەتییە پایە بەرزەکانی تری ناوەوە ودەرەوەی عراقیشان کردووە، نموونەش لەسەر ئەوە قسەو لێدوانەکانی (ڕامسفێلێد) وەزیری بەرگری ئەمریکا (ئەوکات) لەکاتی سەردانیکرنەکەی بۆ عراق، کاتێك تەلەفزیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی باسی ئەم لێدوانەی کرد، هەرچەند ووشەی تیرۆر وتیرۆریست لە قسەکانی (ڕامسفێڵد) دا هاتبوو گۆڕیبووی بە چەکداری یاخی وهێرشە چەکدارییەکان. کەچی هەمان هەواڵ لە ڕاگەیاندنی حزبەکانی تر لێ‌َوانلێوبوو لە ووشەی تیرۆر وتیرۆریست. لە کاتێکدا جیاوازییێکی زۆر لە نێوان یاخیبوون وتیرۆردا هەیە. یاخییەکان هەمیشە هێزێکن، پەیامی پیرۆز ورەوای میللەتێك یان بەشێکی گەورەی میللەتیان هەڵگرتووە. مەگەر ناچار کرابن وبۆ بەرگریکردن لە خۆیان، ئەگەرنا بڕوایان بەهێرش وروبەڕوو بوونەوەی توند وتیژ نییە. بەردەوام شەرعیەتێك لە پشتەوەی چالاکی ورەفتارەکانیان وەستاوە وخەبات لە پێناو دادوەری ولەدژی جەور وستەم وچەوساندنەوە دەکەن. یاخیبوون جۆرێکە لەهەڵوێستی ئینسانییانە، شێوەیەکە لەبونیادنانەوەیەکی تازە ودروستکردنەوەیەکی ماقوڵ. بەڵام تیرۆر هەمیشە پەیامی زاتی ونارەوا ودژە ئینسانییانەی کەسێك یان چەند کەسێکە بۆ تێکدان. هێزێکە بۆ ڕوخاندنی شارستانییەت، هەڕەشەیەکی بەردەوامە لەسەر ئارامی ئینسانەکان. جگە لە تۆقاندن و توند وتیژی، باوەڕی بەچەشنێکی تری کارکردن نییە. تیرۆر، سەرەڕۆییەکی بەردەوام وهەوڵێکی مەرگهێنی شاراوەیە، کەهەمیشە لەسەر بنەمای ستەمکردن وبەمیکانیزمی سوکڕوانینی بۆ مرۆڤ وراگرتنی هەناسەکانی ئەویتر کار دەکات، تیرۆر تەنها یەك پێناسەی هەیە، ئەویش تیرۆر خۆیەتی.

ئیدی ئەم دوو چمکە (تیرۆر ویاخیبوون) لەدیدی یەکگرتووی ئیسلامیەوە چەندە جیاوازن وچەندە لە یەکتری دەچن؟ مەگەر وەڵامەکەی لای خۆیان بێت. هەموو ئەو هێزانەی ڕۆژانە کوشتار وبریندار وکاولکاری لە عراقدا دەخەنەوە تیرۆریستن یان چەکداری یاخی؟ ئەمەش مەگەر هەر خۆیان وەڵامی بدەنەوە. دیارە ئەم هەڵوێستەی یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ ئەوەی مەترسییێکی گەورەیە، کەچی بەدرێژایی ئەو ماوەیەی نێوان ڕوخانی بەعس ولێدانی بەڕێز مەلا ئەنوەر لەراگەیاندنەکانی یەکگرتودا ڕۆژانە پەخش دەکرایەوە بێئەوەی سەرنجی بەرپرسانی حکومەت و هەردوو حزبە هاوپەیمانەکەی یەکگرتوو (پارتی ویەکێتی) ی بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، ئەمەش یەکەمجار و یەکەم هەڵوێست نییە گەمە کردنەکانی یەکگرتووی ئیسلامی تێدا ئاشکرا ببێت. بەڵکو تاکتیکێکە وبەردەوام کاری لەسەر دەکات. لەکاتی هەڵبژاردنەکانی عراقیشدا، وەك حزبێکی ئیسلامی لەگەڵ چەندین هێزو پارتی مارکسی وعەلمانیەوە چووە نێو بەرە وهاوپەیمانێتی جیاواز. چ لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان و چ لەگەڵ هێزە عراقییەکانی تردا. بەڵام مێژووی لایەنەکانی ناو هاوپەیمانییەتیەکان وباکگڕاوەندە ئایدۆلۆژی وناسیونالیستییەکانیان خاڵی نزیککەرەوە نەبوون بۆ یەکگرتوو هێندەی ڕێژەی دەنگی وەدەستهاتوو ئامانج بووە، ستراتیژی سیاسی ئەو حزبانە جێگەی بایەخی یەکگرتوو نەبوون هێندەی پێگەو پۆستە وەدەستهاتووەکان. لە کاتێکدا یەکگرتوو بانگەشەی بەرنامەیەك دەکات ڕەنگە لە زۆر خاڵەوە لەگەڵ

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەرنامەکانی ئەو حزبە هاوپەیمانانەی خۆیدا دژ بووەستێتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، یەکگرتووی ئیسلامی بانگەشەی کرانەوە وقبوڵکردنی جیاوازی وپاراستنی مافەکانی مرۆڤ دەکات ولەسەر لافیتەی گەورە وبەگەورەییش تێکۆشانی خۆیان بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایێکی مەدەنی رادەگەیێنن، بەڵام کاتێك کۆمەڵە گەنجێکی موسڵمانی کورد دەبن بە مەسیحی ولە عەنکاوە کۆنگرەیەك بۆ ئەم مەبەستە ساز دەکرێت، ئیدی ئەمان خۆیان بۆ ناگیرێت وبانگەوازێك لە دژی ئەم حاڵتە بەتەنیا وبانگەوازێکیش لەگەڵ حزبێکی ئایینی غەیرەئیسلامی بڵاو دەکاتەوە ولەبیری دەچێت گۆڕینی بیروڕای ئایینی وئازادیە تاکە کەسیەکان یەکێکن لەمافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ وجاڕنامەی گەردوونی مافی مرۆڤیش لەبەندی (18، 19، 20) دا ئاماژەی پێکردووە.

هەموو ئەمانەش، ئەو راسییتەمان بیردەخەنەوە حزبەئیسلامییەکان میانڕەوبن یان توندڕەو لە جەوهەردا هەردووکیان وەکیەکن وجیاوازییێکی ئەوتۆیان نییە. هەردووکیشیان وەکو یەك بۆ یەك مەبەست کار دەکەن، هەر کاتێك بۆیان کرا ودەسەڵاتیان بوو، هەموو کۆمەڵگا دەخەنە سەر یەك رەنگ ویەك دەنگ ویەك دونیا بینی وشەقییش لە هەموو ئەو چمکانە هەڵدەدەن کە دژ بەم ئامانجەیان بووەستێتەوە.

لە رۆژگاری سیاسی ئەمڕۆی عراقیشدا، جەوهەر وشوناسی حزبەئیسلامییەکان ئەوەیە کە دەیشارنەوە، نەك ئەوەی رایدەگەیێنن وبانگەشەی بۆ دەکەن. هەربۆیەش ئەگەری بوونی مەترسی لەسەر ژیانی هەمووومان لە هەموو کاتێکدا لێمانەوە نزیکە.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.